وەزارەتی شارەوانی هەرێم: ئامادەکاریی بۆ دابەشکردنی زەوی دەکەین

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار رایدەگەیەنێت؛ ئامادەکارییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەراندا دەستیپێکردوە.

ساسان عەونی، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرانی گشتیی یاسا و نەخشەدانانی ئاوەدانی لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و بەڕێوەبەرانی گشتی و سەرۆکی شارەوانییەکان لەگەڵ بەڕێوەبەرانی نەخشەدانانی ئاوەدانی لە پارێزگە و ئیدارە سەربەخۆکان ئاماژەی بە گرنگی دابەشکردنی زەوی کرد و وتی: دابەشکردنی زەوی، وێڕای ئەوەی سودی زۆری بۆ فەرمانبەران دەبێت، هاوکات کاریگەریی زۆری لەسەر ئابوری و جوڵەی بازاڕ و گەشەپێدانی سنوری شارەوانییەکانیش دەبێت.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ئامادەبوانی کۆبونەکەی ڕاسپارد کە بەزوترین کات دەست بە ئامادەکارییەکانی دابینکردنی زەوی بکەن و لە کاتێکی دیاریکراودا کارەکان تەواو بکرێت بۆ ئەوەی

ئەوانەی لە بڕیارەکەی حکومەت سودمەند دەبن ببنە خاوەن زەوی خۆیان. هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە پێویستە ژمارەی مەزەندەکراوی فەرمانبەران بزاندرێت و لەسەر ئەو بنەمایە زەوی دیاری بکرێت.

ساسان عەونی، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار سەبارەت بە نەخشەی کەرتیی زەوییەکان، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، هەر لە ئێستاوە دەبێت ڕەچاوی ماستەرپلانەکان بکرێت و لە نەخشەی کەرتی ئەو زەوییانەی دابەش دەکرێن، دەبێت پانی شەقامەکان و ناوچەی سەوزایی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان و لایەنی شارسازی بایەخی تەواویان پێ بدرێت. هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد لە سنوری هەر ماستەرپلانێکدا ئەگەر زەوی بەردەست نەبو دەبێت سنوری شارەوانییەکان فراوان بکرێن و زەوی بە فەرمانبەران دابین بکرێت.

پاشان ئامادەبوانی کۆبونەوەکە سەرنجی خۆیان سەبارەت بە شێوازی ئامادەکارییەکە و گرفتەکانیان خستەڕو و دواتر وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار جەختی لەسەر دروستکردنی لیژنەی تایبەت لە سنوری شارەوانییەکان کردەوە بۆ ئەوەی پرۆسەی دابەشکردنی زەوی بە خێرایی و بە باشترین شێوە بەڕێوە بچێت.